حەرامبوونی خۆبەگەورەزانین وشانازی کردن، وڕوونکردنەوەی خراپی سەرەنجامی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک پیاوێک ڕێی دەکرد لە پۆشاکێکدا بە خۆی سەرسام بوو، وقژی شانە کردبوو، ولە ڕۆیشتنەکەیدا شانازی دەکرد، خوای گەورە ڕۆی چواند بە ناخی زەویدا، بەردەوام ڕۆ دەچێت بە ناخی زەویدا هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات پیاوێکی خۆبەگەورەزان بە لوتبەرزیەوە ڕێی دەکرد وشانازی دەکرد لە پۆشاکێکی جواندا، وقژی شانە کردبوو، خوای گەورە ڕۆی چواند بە ناخی زەویدا، زەوی قووتی دا ونقوم بوو لە ناخیدا، بەردەوام ڕۆ دەچێت بە ناخی زەویدا، چونکە -پەنا بە خوای گەورە- لەبەرئەوەی خۆبەگەورەزان بوو و بە خۆی سەرسام بوو؛ ڕۆ چوو بە نێو زەویدا، کاتێک دەفەرموێت: (ڕۆ دەچێت بە ناخی زەویدا): لەوەیە زیندوو بێت وبەم شێوەیە دەمێنێتەوە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت، بۆیە بەم شێوەیە بە زیندوویی سزا دەدرێت هەتاوەکو ڕۆژی دوایی لە ناخی زەویدا هەروەکو چۆن زیندووەکان سزا دەدرێن لە دونیادا، ولەوەیە مانای ئەوە بێت کاتێک مرد (ڕۆچوو بە ناخی زەویدا) پاش ئەوەی مرد؛ بۆیە ئەم ڕۆژچوونە لە ژیانی بەرزەخە* وچۆنیەتەکەی نازانین وتەنها خودا دەیزانێت، گرنگ (-ئەوەیە ئەمە سزاکەیەتی -پەنا بە خودا-. *(بەرزەخ: واتا ژیانی پاش مردن وپێش زیندووبوونەوە -ژیانی نێو گۆڕ

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5905